# له سەنگەری فەخرەدین تاهیردا!

پشکۆ نەجمەدین

ڕۆژنامەنووس و نووسەری سەرەڕۆ، فەخرەدین تاهیر، له سۆنگەی یاخیبوون و بەزاندنی بەند و کۆتی کاری ڕۆژنامەنووسی له کوردستاندا، دووچاری ئاستەنگی و هەڕەشەی "یاسایی" بووەتەوە و له ڕێگای ماڵپەڕه کوردییەکانەوە، هانای بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی کوردستان هێناوه. فەخرەدین تاهیر، یەکەم و دوا ڕۆژنامەنووسی تەنگپێهەڵچنراوی نێو تۆڕه فراوانەکانی دەسەڵات نییە!. زۆرن ئەو ڕۆژنامەنووسانەی له سۆنگەی سنووربەزاندنی ڕەوشی باوی پرۆسەی ڕۆژنامەنووسیدا، دووچاری ئەشکەنجە، گرتن، ڕەدوونان و سووکایەتیپێکردن بوونەتەوە.

ژیان له کوردستاندا بۆکەسانێک که خوازیاری پاراستنی شکۆیی و کبریای ناخی خۆیان بن و لەبەردەم هەژموون و شکۆیی دەسەڵاتدا نەبنە گزگل، زێدەسەختە!.

سەختە بۆ تۆ، له نێو سیستەمێکی ڕۆشنبیریی لێوانڕێژ له قەڵەمی بستەباڵا، قەڵەمێکی باڵابەرز و بزێو ڕاگریت!.

سەختە بۆ تۆ، له کۆمەڵگەیەکی بێدەنگ و ئاشقەچەپڵەدا، به بێ چەپڵە و هوتافکێشان، بیر له چارەنووسی کۆمەڵگه بکەیتەوە!.

سەختە بۆ تۆ، له نێو دارستانی "بەڵێ"دا، شلکەنەمامێکی "نا" بچێنیت!.

سەختە بۆ تۆ، هەگبەیەکی سەرڕێژ له ڕەنگاڵەخەون له کۆڵ بنێیت و بۆ هێلانەی پیرەهەولێر بفڕیتەوە و گوڵدانی خەونەکانت لەسەر تاوێری کەللەشەقیی دەسەڵاتدا وردوخاش بێت!.

من، لەگەڵ تۆدا و لەسەنگەری هەموو قەڵەمێکی ئازا و رەخنەگردا، لە پێناوی دابینکردنی زەوینەیەکی ئازاد و سیستەمێکی کراوەتر بۆ کاری نووسین و رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، دەوەستم!.

2005 / 6 / 4